**کەس نەبوو بە وایزنتاڵی کورد، بەراوردێکی جوو و کورد**

هۆمەر محەمەد

ئەم بابەتە لە ٢٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ نووسراوە، بەڵام هەر وەک ڕەشنووسێک لەبەردەستم بوو و لە ئەرشیفەکەمدا ماوەتەوە. دیارە سەرقاڵیی ڕۆژگار دەرفەتی ئەوەی نەداوم کە بچمەوە سەری و تەواوی بکەم. خۆشبەختانە ئەم ساڵ لە یادی هەڵەبجە دا بە ئەرشیفەکەمدا چوومەوە و ئەم بابەتە و هەندێکی دیکەی تەواونەکراوم دیتنەوە. بۆیە بە باشم زانی دەستێکی پێدابێنمەوە و وشەچنی بکەم و هەڵە و پەڵەکان پاک بکەمەوە و خاڵە ناڕوونەکان زیاتر ڕوون بکەمەوە، هەتا بەرچاو ڕونتر لەم دۆسێیە بدوێم و تاڕادەیەک بە زانیاری و ئارگۆمێنتی بەهێزترەوە بەتاوانەکانی بەعسیەکان دژ بە کورد و مامەڵەی کوردییەوە گرێبدەمەوە. بەهیوام توانیبێتم بەرچاوڕوونییەک لە نێوان هەردووک تاوانی هۆلۆکۆست و تاوانی جێنۆسایدی کورد بدەم بەدەستەوە.

کۆمەڵکوژی جووەکانی ئەورووپا لەلایەن ڕژێمی نازی ئەڵمانی بە بڕیار و چاودێری هیتلەر، لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا بوو، لەناو تەپ و تۆزی جەنگی جیهانیدا نزیکەی ٦ ملیۆن مرۆڤ کوژران کە زۆرینەی قوربانییەکان جوو بوون.

سەرباری ئەو تراجیدیا مرۆییەی لێیکەوتەوە، دواجار دەستکەوتی مەعنەویشی بۆ جووەکان هەبوو، بەلای کەمەوە جووەکان هەر بە شوناسی مەزلومیەتی خۆیان قایل نەبوون و دانەسکنان، هەتا هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوە و هێزی شوناسیان گۆڕی بەشوناسی هێز. واتا مەزلومیەتیان کرد بە ڕابوردوو و داهێنان و بەرگری و لەسەرپێ وەستانیان کردە هێزی مانەوە و ئیرادە. بۆیە، دەبینین کە جگە لە دەوڵەتێکی بەهێز و خاوەن چەندین خەڵاتی داهێنان لە هەموو کایەکانی (سیاسەت و زانست و هونەر)، هەمووی دە ساڵ بەسەر تراجیدیا و تاوانەکەیاندا تێنەپەڕی بوو کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی بەدواداهات. ئەمەش گەورەترین دەستکەوت و باشترین قەرەبووی مادی و مەعنەوی بوو بۆ جووەکان، کە نەیانهێشت وەکو کورد، خوێنی قوربانیانی جینۆسایدەکانیان (فەیلییەکان، بارزانیەکان، هەڵەبجە و ئەنفال) بەفیڕۆ بڕوات، بەڵکو لەدوای هۆلۆکۆست مرۆڤی جوو، بەدوای بەهاو شکۆی مرۆیی خۆیەوە بوو.

لەو تاوانەدا کە نزیکەی ٦ ملیۆن مرۆڤی جوو بوونە قوربانی و بەکۆمەڵکوژران و لە کورەکاندا سووتێنران و لە حەمامەکانی ئاوشفیتز دا بە گاز خنکێندران. ئەگەرچی نەیارانی جوو، بەتایبەتی

ئێرانییەکان و عەرەبەکان و هێزە ئیسلامیەکان، هەمیشە تێدەکۆشن گومان لەسەر ڕووداوی هۆلۆکۆست دروست بکەن بەڵام نەیانتوانیوە سەرکەوتووبن و ڕای گشتی جیهانی بخەنە گومان و دوودڵییەوە.
ڕۆژی سێشەممە،٢٠ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت: "هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر ئەوەی کە ٦ ملیۆن جوو لە هۆلۆکۆستدا کوژرابن." کەناڵی ڕووداو ئەم وتانەی بەشاری لەژێر مانشێتی: هۆلۆکۆست درۆیەکی گەورەبوو بۆ ئەوەی ئیسرائیلی پێدروست بکەن، بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ئەسەد ناتوانێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات کە خەڵک لە ئۆردوگاکان کۆکراونەتەوە. بە قسەی ئەسەد هۆلۆکۆست نە چیرۆکێکی ڕاستە و نە پرسێکی مرۆیشە، بەڵکو پرسێکی سیاسییە. کەچی دان بەوەدا دەنێت کە ئازاردان و ئەشکەنجە و کوشتن دژی جووەکان هەبووە بەڵام هەر بەرامبەر بە جووەکان نەبوو، بەڵکو بەرانبەر هەموو کەسێکی ئەورووپا بووە.

خاتوو ئێلَن جێرمان، نێردەی تایبەت بۆ مەسەلەی هۆلۆکۆست لە بیرۆی کاروباری ئەورووپا و ئاسیا گوتی "پێدەچێت مایەی بڕواپێکردن نەبێت کە پتر لە ٧٥ ساڵ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان و هۆلۆکۆست، خەڵک هێشتا نکۆڵی لە ڕاستییەکانی جینۆسایدەکە دەکەن و دەیان شێوێنن، ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگە و گەواهی چڕ و زیند و و شایەت حاڵانمان هەیە، لەوانەی کەمپەکانی دەستبەسەرکردن ئازادبوون، کەچی هێشتا نکۆڵیکردن لە هۆلۆکۆست و شێواندنی بەردەوامن. قسەکانی ئەسەد ڕاستییەکیان تێدایە بەڵام زۆرینەی کوژراوان جوو بوون و لەسەرانسەری ئەورووپاوە ڕەوانەی کامپەکانی قڕکردن کرابوون، سێ چارەکیان ئەو جووە هۆڵەندییانە بوون کە لەلایەن نازییەکانەوە کوژراون، ئەمەش زۆرترین ژمارەی جووەکانە لە سەرجەم وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا. مۆزەخانەی ئەمستردام کە لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا لە هۆڵەندا کرایەوە، چیرۆکی نزیکەی ١٠٢ هەزار جوو دەگێڕێتەوە، کە لە هۆڵەنداوە ڕەوانە کراون و لە کامپەکانی دەستبەسەرکردندا لەلایەن نازییەکانەوە کوژراون.

وەلێ ئەو تاوانەی دژ بە مرۆڤایەتی و بەتایبەتی دژ بە جووەکان کرا، وێڕای جەبەروت و دکتاتۆریەتی هیتلەریش کەچی خوێنیان بەفیڕۆ نەچوو، بەڵکو دواڕۆژێکی ڕوون و بەهاداری لێکەوتەوە بۆ جووەکان. ئەمەش لەبە رئەو هۆیە زۆر سادەیەی کە جووەکان وەکو کوردەکان سازشیان لەسەر قوربانییەکانیان و خوێنی شەهیدەکانیان نەکردو خوێنسارد و خەمسارد و لاموبالات نەبوون. بەڵکو هوشیار و بوێرانە نەیانهێشت ئەم تاوانە هەروا بە ئاسانی تێپەڕێت. دەستەوسان نەبوون و ئامێزیشیان بۆ تاوانبارانی هۆلۆکۆست نەگرتەوە، بەڵکو نەفرەتی ڕاستەقینەیان لێکردن، نەفرەتێك کە هەتا ئەمرۆ وێڕای داوای لێبوردنی دەوڵەتی ئەڵمانیاش، هێشتا بەتەوێڵی نازیزمەوەیە و ڕەفتاری نازییزمی کردە شەرمێکی

گەورە، هەر ئەوەشە وادەکات، کە تاوانبارانی هۆلۆکۆست، وەکو تاوانبارانی ئەنفال، بە پێشچاوی قوربانیاندا نەسورێنەوە. نازیزم هەتا ئەمرۆ کرا بە شەرمێکی گەورە. جووەکان سەرباری ئەوەش کە ئێستا هەوڵی کەم بایەخکردن و نکۆڵی کردن لە ڕووداوی هۆلۆکۆست لەهەڵکشاندایە، هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی تاوانبارانی هۆلۆکۆست بدەنە دادگا، تەنانەت ئەدۆلف ئایشمان ماوەی سێ ساڵ خۆی لە وایزنتاڵ شاردەوە و سێ جار شوێن و پێناسەی خۆی گۆڕی، کەچی دواجار نەیتوانی لە دەستی ئەو جووە چاو نەترسە، وایزنتاڵ، ڕزگاری بێت.

ئەوان هەوڵیاندا دۆسێی تاوانی هۆلۆکۆست بکەنە پرسێکی جیهانی، هاوسۆزی بۆ خۆیان بەدەست بهێنن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە پشتیان بەخۆیان بەست. لەسەرەتاوە ڕاگەیاندنی خۆیان و دواتریش ڕاگەیاندن و هونەر و سینەما و ڕای گشتی جیهانیان بۆ خستەگەڕ. بە پێچەوانەی کوردەوە خۆیان بە بچووك نەزانی و پەنجەی یەکتریان نەشکاند، قەوارەی تاوانەکە و دۆزی جوویان بەهەموو دونیادا بڵاوکردەوە و ماندوو نەبوون.

هەرچەندە ئەو سەروەختەی ئەوان جیاواز بوو لەسەروەختی ئێمە، بەلای کەمەوە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی وەکو ئێستا هەر قسەی سەرکاغەز و فشەی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی گەندەڵ نەبوو، بەڵکو جیهان لەبەردەم سەرەتای وەرچەرخانێکی جوانتردا بوو. جووەکان لەوەدا بەختیان هەبوو کە جەنگی سارد لە گۆڕێ نەبوو، ئەمریکا وەکو ئەمڕۆ کەڵەگای مەیدانەکە نەبوو، بەڵام بێکاریگەر نەبوو، لەبەرئەوەی لەنێوان جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەمدا ئەمریکا یارمەتی نازییەکانی ئەڵمانیایان داو ڕێگەیان بە ئەدۆلف هیتلەر، دیکتاتۆر و ڕێبەری نازییەکانی ئەڵمانیا دا کە لە ١٩٣٣ دا دەسەڵات بگرێتە دەست. بۆ قەرەبووی ئەوە هاوکاری جووەکانیان کرد دەوڵەت دروست بکەن. جگە لەو هۆکارانەش ڕۆشنبیرانیان وەکو ئێمە لەبەرانبەر یەکتر دڵڕەق و دڵپیس و ناکۆك نەبوون. ئەڵمانیاش وەکو عێراق نەبوو، ئەوان ئەڵمانیای نازی تاوانی دەرهەق کردبوون، وەکو بەعس میراتگری حزبیان نەبوو، ئەڵمانەکانیش لە دوای ڕووخانی هیتلەر و حیزبی نازیەوە خەونیان بەهاتنەوەی ئەو سیستمەوە نەبینی و مرۆڤی ئەڵمانی وەکو ئەمڕۆی عێراقییەکان بێهیوا بێمتمانە نەبوون. ئەوان بەڕاستی کەوتنە ڕیشەکێشکردنی ئەخلاقیاتی نازیزم. ئەو سەروەختە ئەڵمانیا و تەنانەت ئەورووپاش کەوتبوونە ژێر فشاری ڕای گشتیی جیهانییەوە و ناچاربوون لەبەردەم ئەو تەوژمە مرۆییەدا داوای لێبوردن لە جووەکان بکەن و خەجاڵەتی بکێشن. ئەوان داوای لێبوردنیان پێ نەنگی نەبوو، بۆیە داوای لێبوردنیان کرد و قەرەبووشیان کردنەوە، کە هەتا ئەمرۆ ئەڵمانیا باجی هەڵە و تاوانەکانی هیتلەر و نازییەکان دەدا و قەرەبووی تاوانی هۆلۆکۆست دەکاتەوە.

بە کورتی، ئەڵمانەکان داوای لێبوردنیان بەعەیبە نەزانی، بەپێچەوانەوە کلتوری لێبوردەیی ئەوان هەر بۆ جووەکان سودمەند نەبوو، بەڵکو بۆ ئایندەی ئەڵمانیاش خێری دایەوە. وەلێ جووەکانیش شەرمن نەبوون، لەو توخمە نەبوون کورد گوتەنی: "گایەکیان لێبدزرێ و بە گوڵمە گۆشتێك فریو بخۆن و خەنی بن". نەخێر تەنها بەقەرەبووی قوربانییەکان نەوەستان و ئێستاش نەوەستاون، بەڵکو توانیان هۆلۆکۆست بکەن بە شوناسی مەزلومیەت و شوناسی هێزیش بدەنەوە بە جوو. مێژووی قوربانیدانی خۆیان بەهەند بگرن و سوودی مەعنەوی لێوەرگرن. ئەگەرچی هەندێک یاسای بیرۆکراتیش پشتیوانی بەزیندومانەوەی هۆلۆکۆست دەکەن، بۆ نموونە، هەر کەسێک گومان بخاتە سەر ڕاستیی ڕووداوی هۆلۆکۆست بە یاسا سزا دەدەریت. ئەمەش بوار بۆ ئازادی بیرورا ناهێڵێتەوە هەتا کەسانێک بتوانن ئازادانە دەربارەی نازیزم و ڕووداوی هۆلۆکۆست بیروڕای خۆیان دەرببرن.

لەم بارەیەوە پیتەر سینگەر دەڵێت: جۆن ستیوارت میل، لە بەرگریکردنە کلاسیکییەکەیدا لە ئازادیی ڕادەربڕین لە کتێبی "دەربارەی ئازادی" دا دەنووسێت ئەگەر دیدگایەک بە تەواوی و بە بەردەوامی و بەبێ ترس گفتوگۆی لەبارەوە نەکرێت، لەبری ئەوەی ببێت بە ڕاستییەکی زیندوو، دەبێت بە بڕوایەکی مردوو. بوونی هۆلۆکۆست دەبێت بە ڕاستییەکی زیندوو بمێنێتەوە، ئەوانەشی لە گەورەیی و دڕندەیی نازییەکان بەگومانن، پێویستە بە بەڵگەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە".

ڕوودوای هۆلۆکۆست ئەنجامی بیری فاشیانەی نازی بوو، کە "بەدوا چارەسەر" ناودەبرا، پێشیان دەگوت "کێشەی جوو"، کە هەوڵێکی سیستیماتیکی بوو بۆ لەناوبردنی جووەکانی ئەورووپا. هەمان ئەو لۆجیکەی بەعسیەکان لە ئەنفال دا پێرەویان دەکرد، دەستنیشان کردنی عەلی حەسەن مەجید بۆچارەسەرکردنی کێشەی باوکورا! وەک ئەوەی بڵێیت دەوڵەت بیری فاشیانەی بەعس کێشە نەبووبن بۆ کورد و بۆ خۆی دەوڵەتی عێراقیش.

ماوەتەوە بڵێین، نکۆڵیکردن لە تاوان و ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست و ئەنفال، هێندەی پەرچەکردارە هێندە پەیوەندی بە لێکدانەوەی ئازادانەوە نییە لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی. جەنگی غەوزە و توندڕەفتاری دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ دانیشتوانی غەززە بە بیانوی جەنگ لەگەڵ حەماس و هەڵسوکەوت و مامەڵەی ستەمکارانەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بوونە پاساوی کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوە لەدژی ئەو دەسەڵاتانەی کورد و جوو. ئەم نارەزایەتیانە لە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل وەنەبێت تەنها لەلایەن وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە بێت، نا، تەنانەت لەلایەن جووەکان و دۆستەکانیشیانەوەیە. بۆ نموونە، لە ١٠ ی ئازاری ٢٠٢٤، مۆزەخانەی هۆلۆکۆستی نیشتیمانی هۆڵەندا، لە مەراسیمێکدا کرایەوە، کە پاشای هۆڵەندا و سەرۆکی ئیسرائیل، ئیسحاق هێرزۆگ، ئامادەی بوون،

کەچی ئامادەبوونی هێرزۆگ بووە هۆی کەوتنەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەڵەستینییەکان لە غەززە. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بەهۆی کوشتنی خەڵکی مەدەنی فەڵەستینەوە لە غەززە سوکایەتییە بە قوربانییەکانی هۆلۆکۆست هەروەک خەڵکی کوردستانیش کە لە بەرانبەر قەیرانی مووچە و بژێوی پشتیوانی لە بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق دەکەن، بەو پاساوەیە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم ڕێز لە خەڵکی کوردستان و خوێنی ئەو هەموو شەهید و ئەنفالکراوە ناگرن. ئەمەش زەمینەی ئەوەی خۆشکردووە، کە خەڵک هێز و توانای خۆیان لە دژایەتی دەسەڵاتداراندا خەرج بکەن نەک لە کارکردن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و شکۆمەند، کە تەواو جیاواز بێت لەو ژیان و گوزەرانەی لە سەردەمی بەعس و دەوڵەتی عێراق دا هەیانبووە.

**سەرچاوەکان**


1. ڕووداو دیجیتاڵ،٢١-١٢-٢٠٢٣، بەشدار موزەفەر، بڕوانە:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/201220234
2. دەنگی ئەمریکا،١٠-٠٣-٢٠٢٤، هۆڵەندا مۆزەخانەی هۆلۆکۆست دەکاتەوە.
3. ماڵپەڕی ئازاد بوون، پیتەر سینگەر، ئازادیی ڕادەربڕین، محەمەد و هۆلۆکۆست، وەرگێرانی دڵشاد حامید دەروێش، ٠٤-٠٩-٢٠٢٣.
4. دەنگی ئەمریکا، یادی تاوانی هۆلۆکۆست، ٢٩-٠١-٢٠٢٣.